* لەیلا لە وڵاتێکی سکاندیناڤییەوە دەپرسێ: دوستێکی کوڕم هەیە، پێموایە زۆر درۆزنە، بەڵام نازانم چۆن بەتاقی کەمەوە و دڵنیا بم؟
مام باپیر: *زۆر ئاسانە! چاو لە شوناسنامەکەی بکە، بزانە کوردە یان نەء!*

* کوڕێکی ٢٥ ساڵە دەنووسێ: دیدارم بۆ ناخوێدرێتەوە، زمانەکەی زۆر رەقە، چبکەم؟
مام باپیر: *برێکی بخوسێنە با نەرم بێتەوە!*

www.arshiyakurdi.org



خاکەلێوە (21/3 – 20/4)

چەند میوانێک بۆ دێ، هەواڵی خۆشت بۆ دێنن. بە هۆی ئەم میوانانەوە ناسیاوی لە گەڵ کەسێ پەیدا دەکەی کە زۆر بە سوودتە..



گـوڵان (21/4 – 20/5)

ئەوەش ئاشق بوون نییە. هەوڵ بدە بە هەندێ بیرکردن و یارمەتی وەرگرتن لە برادەرێکی بە تەجرووبەترەوە هەنگاوەکانی دوایی باوێژی.



جوزەردان (21/5 –21/6)

تازە پەشیمان بوونەوە سوودێکی نییە، باشتر وایە ئەم کارە دووپات نەکەیتەوە. . باشترین ڕێگا، ڕاستگۆییە. کەس بە درۆ تا سەر بۆی ناچێتە سەر.



خەرمانان (22/6 – 22/7)

جارێکی تر بە تاقی کەوە. هەر تۆ نی کە پێتوایە شانست نییە. دیارە ئەم بێکاری و بێ پارەیی‌یە لە کەم کردنەوەی متمانە بە خۆتدا، دەور دەگێڕێ.



گەلاوێژ (23/7 – 23/8)

سەفەرێکت لە پێشە. خۆشت لێ دەگوزەرێ. گەرچی هەوای زۆر خۆش نییە. بەلاّم شتی تر قەرەبووی دەکەنەوە. دەست بە گیرفانتەوە بگرە.



خەزەڵوەر (24/8 – 23/9)

لەم ماوەیەدا بو لای بچوو، بەشکم لەگەڵتا ئاشت بێتەوە. چەند کەسێکت لە دەورووبەرە، زۆرت باوەر پێیان نەبێ، با خۆشیان نزیک پێشان بدەن.



پووشپەڕ (24/9 – 23/10)

دەتوانی کاتەکەت بە شتێکی باشتر پڕ کەیتەوە. زۆر لە دایکت و بە تایبەت باوک قەڵس مەبە، ئەوان چاکەی تۆیان دەوێ. قسەیان لەگەڵ بکە.



ڕەزبەر (24/10 – 22/11)

بیر لە داهاتووی ئەم کەسەش بکەوە، هەمو خەڵکیش لەم کارە مەگەیەنە، دوایی ڕێگای گەڕانەوەت لێ زەحمەتتر دەبێ. باشتر بیری لێ بکەوە.



بەفرانبار (23/11 – 21/12)

هەندە بیر لە ڕابردوو مەکەوە. ژیان هەمووی لە بەرانبەرتە. هەموو کەس لەم تەمەنەدا پێی وایە کەس دەردی ئەوی نییە. ماوەیەک سەری برادەرێکت بدە.



سەرماوەز (22/12–19/1)

ئەم هەلە لە کیس خوت مەدە، ئەو شتەی تۆ دەتەوێ، خەونە. پێت بنێیە سەر زەوی زۆر گرفتت چارەسەر دەبێ. ئەوەش بە پارە نییە. مێهرەبان بە و بەس.



ڕێبـەندان (20/1 – 19/2)

بەم پەلە و هەلەی هیچت پێ ناکرێ. هەندێ لەسەرەخۆ بە. بە نامە یان سەردانێک نیوەی گرفتەکە چارەسەر دەکەی. خەمخواردن و خۆ خواردن هیچ یارمەتییەکت نادا..



ڕەشـەمـە (20/2 – 20/3)

پێت وابوو لە یادت کردووە، وا نییە. لە بڕی ئەم هەمووە بیرکردنەوەیە، هەنگاوێک بنێوە. چاوەڕوان مەبە، ئەو پێشقەدەم بێ. خۆت قسەی لە گەڵدا بکە.

---

ئەمە لیستەی مانگەکانە، بە بەراورد کردنێکی ساکاری هەموو جورەکانی.

دیارە بەشێک لە مانگەکان، زیاتر لە نێوێکیان هەبوو، ئێمە هەر یەکمان نووسی.

| ژمارەی ڕۆژەکان | کۆتایی | سەرەتا | ناوی بورجەکان | مانگی ساڵنامەی کوردی | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|---|
| 31 | 4/20 | 3/21 | بەرخ (الحمل) | نەورۆز | اذار |
| 30 | 5/20 | 4/21 | گا (الثور) | گوڵان | نیسان |
| 32 | 6/21 | 5/21 | جمک (الحوزاء) | جوزەردان | ایار |
| 32 | 7/23 | 6/22 | قرژاڵ (السرطان) | پووشپەر | حزیران |
| 30 | 8/23 | 7/24 | شێر (الاسد) | خەرمانان | تەمووز |
| 31 | 9/23 | 8/42 | گوڵەگەنم (السنبله) | گەلاوێژ | آب |
| 29 | 10/22 | 9/24 | تەرازو (المیزان) | ڕەزبەر | ایلول |
| 31 | 11/22 | 10/23 | دووپشک (العقرب) | گەلاڕێزان | تشرین١ |
| 30 | 12/22 | 11/23 | کەوان (قەوس) | سەرماوەز | تشرین٢ |
| 29 | 1/20 | 12/23 | گیسک (الحدی) | بەفرانبار | کانون١ |
| 30 | 2/19 | 1/21 | دوڵچە (الدلو) | ڕێبەندان | کانون٢ |
| 30-29 | 3/20 | 2/20 | نەهەنگ (الحوث) | ڕەشەمە | شباط |

ساڵی سادە ٣٦٥ ڕۆژە.

ساڵی پڕ، ٣٦٦ ڕۆژە.

ئامادەکردنی: سۆزان

ستۆکهۆڵم

## چاوپێکەوتنێک لەگەڵ یاری زانی بە توانای "تایکواندۆ":

# رەهێڵ ئازاد

ئامادەکردنی: هەڵو بێکەس



** بە کورتی و کوردی باسی ژینتمان بۆ ناکەی؟*

- ناوم "رەهێل ئازاد"ە، تەمەنم هەژدە ساڵە و خەڵکی شارە پرچ خوێناوییەکەی سلێمانیم. ئێستا نزیکەی یانزە ساڵە ئاوارەی وڵاتی بەفرم و لە ناوچەی "سولنتوونا"ی باکوری شاری ستۆکهۆڵم گوزەران دەکەم.

** پێشەی ئێستات چییە؟*

- دوا ساڵی ڕشتەی "تەکنیک" لە دواناوەندی دەخوێنم.

** زۆربەی کات خۆت بە چییەوە خەریک دەکەیت؟*

- زۆربەی کاتم جگە لە کۆششی قوتابخانە، بە یاری و مەشقی "تایکواندۆ" و "داتا" و مۆسیقا لێدان و یاری "ئاسن"کردن خەریکم. لە خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤارە گشتییەکانیشدا بێبەش نیم.

** خۆت زیاتر بۆ کام یەک لەم بوارانەی باست کرد، تەرخان کردووە؟ بۆ؟*

- خۆم زۆرتر بۆ بواری وەرزش، واتا یاری "تایکواندۆ" تەرخان کردووە. لەبەر ئەوەی سەرکەوتن و بەرەوپێش چوونی گەورەم تێدا بەدەست هێناوە.

** لەمێژە خەریکی یاری "تایکواندۆ" کردنیت؟*

نزیکەی شەش ساڵی تەمەنم.

** دەکرێ باسی هەندێ لەو چالاکی و سەرکەوتنانەمان بۆ بکەی کە لە بواری تایکواندۆدا بەدەستت هێناوە؟*

- سەرەتای دەستپێکردنی چالاکییەکانم بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٩دا بوو و خۆشبەختانە بە بەشدار بوونم لە پاڵەوانییەتی "ECC" وابوو توانیم خەڵاتی زیو بەدەست بێنم. هەروەها لە مانگی سێی ساڵی ١٩٩٠، لە شاری ئومێئۆدا(Umeå) لە پاڵەوانییەتی باکوری سویددا(N.S.M) بەشدار بووم و دیسان توانین پلەی دووهەم بەدەست بێنم. لە مانگی١٠ی ساڵی ١٩٩١دا لە شاری ستۆکهۆڵم لە پاڵەوانییەتی جامی سویددا(Svensk Cup) بەشدار بووم و توانیم پلەی یەکەم و زێری پاڵەوانییەتییەکە بەدەست بێنم. هاوکات لە ساڵی ١٩٩٢دا بۆ جاری دووهەم لە پاڵەوانییەتی جامی سویدی لە "کریخانستا"دا(dKristransta) بەشداریم کردەوە و توانیم بە پلەی سێیەم رازی بم.

جارێکی دیکە لە مانگی ٤ی ساڵی ١٩٩٢دا لە پاڵەوانییەتی وڵاتی سویددا(S.M) کە لە شاری ستۆکهۆڵم بەرێوەچوو، توانیم پلەی سێیەم تۆمار بکەم.

هەروەها لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ تاکو هاوینی ١٩٩٢ توانیم زۆرترین خاڵی "ڕانکنین" لە سەرانسەری سویدا بەدەست بێنم. دوا چالاکیم لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٩٢دا، واتە بەشداربوونم لە پاڵەوانییەتی باکوری ئەورووپا (Nordisk mästerkup) بوو، کە لە دانیمارک بەرێوە چوو و توانیم پلەی چوارەم بەدەست بێنم.

**گەورەترین ئاواتت لە ژیاندا چییە؟*

- بتوانم ببمە فێرکەر و سەرۆکی یانەکانی مەشق کردنی بەشی "تایکواندۆ" لە کوردستان. بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەی لەم بەشەدا وەرم گرتوون، لە ناو لاوان و یاری زانانی کورددا رەنگ بداتەوە.

** کە گوێت لەم ناوانە بوو، چیت بە خەیاڵدا دێ؟*

*مادۆنا*: مۆسیقایەکی بێشەرم.

*مارەدۆنا*: شای تۆپی پێ و، شازادەی کنارک (نارکوتیکا)

*برووس لی*: خێراترین مرۆڤی ئەم سەردەمە.

*ئاگۆست سترینباری*: تاقیکردنەوە سەختەکانی بەشی وێژە و زمانی سویدیم.

www.arsivakurdi.org

# چالاکی کۆمەڵەکانی لاوان

## ئیسکلیستونا



کۆمەڵەی لاوانی کورد لە ئیسکلیستونا(Esklistuna) تیپێکی هەڵپەرکێی پێکهێناوە کە لەم ماوە کورتەدا چەند چالاکییەکی بەنرخیان کردووە. بۆ وێنە بەشداری لە :

١- جەژنی دوو ڕێبەندان، ڕۆژی کۆماری مەهاباد. لەم ڕۆژەدا ئەم تیپە وێنەی هەڵپەرکێی هەموو پارچەکانی کوردستانیان پیشان دا، کە لە لایەن بەشدارانی جەژنەکەوە پێشوازییەکی باشی لێکرا.

٢- بەشداری کردن لە یادی ڕۆژی هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن.

لە بەرانبەر وێنەیەکی ئەم تیپە دەبینن:

---

## لینشۆپینگ

کومەڵەی لاوانی ئەم شارە وێڕای کۆمەڵەی کوردی لینشۆپینگ، ئاهەنگێکیان بۆ یادی نەورۆز سازکرد. لەم ئاهەنگەدا کۆمەڵێ هونەرمەندی لاوی دەنگخۆش بەشداریان کردبوو. کۆمەڵەی لاوان، لەم شەوەدا گووتارێکی خوێندەوە کە بەشدارانی شەوەکە پێشوازێکی گەرمیان لێکرد.

ئێمە دەقی گووتارەکەشمان پێ گەیشت، بەڵام بە داخەوە بە هۆی وەدرەنگ کەوتنی دیدار و بواری بەرتەسکی ئەم گۆڤارە، بڵاوکردنەوکەیمان زۆر بە پێویست نەزانی.

---

# گۆرانی

هۆنراوەی: وەلی دێوانە

گۆرانی: کەریم کابان

یاران وەسییەتم ئەمە بێ لاتان
هەرچەند کەوتوومە دووره وڵاتان(٢)
تەنیا گۆڕەکەم لە ڕێی خێڵان بێ
نزیک هەوارگەی جاف و گۆران بێ (٢)
کێلێکی بەرزی بە قەد باڵای شەم
لە ژوور سەرم بێ، بێ زیاد و بێکەم(٢)
یاران وەسییەتم ئەمە بێ لاتان
هەرچەند کەوتوومە دووره وڵاتان(٢)

تاقێکیش وێنەی تاقی برۆی ئەو
کە سوجدەگامی گیانم بێ بەشەو(٢)
بنووسن بە خوێن جەرگی سەرکردووم(٢)
کە من بە تیری دەستی شەم مردووم(٢)
یاران وەسییەتم ئەمە بێ لاتان
هەرچەند کەوتوومە دووره وڵاتان(٢)

چونکە ئەم شەمە تاتاری چینە
لە دەستت بێزاره و چیا نشینە(٢)
بەڵکو هەڵکەوێ بە ڕاگوزاری(٢)
ڕێگای بخاتە سەر گۆڕم تاوێ
یاران وەسییەتم ئەمە بێ لاتان
هەرچەند کەوتوومە دووره وڵاتان(٢)

بزانێ کوشتەی دەستی خۆیەتی
لە خاکا مەیلی ڕەنگ و بۆیەتی(٢)
جوابی پرسیاری گۆڕیشم وایە(٢)
یاری مەحشەرم، شۆڕی لەیلایە(٢)



ئامادەکردنی :نەشمیل

www.persivakurdi.org

# جەژنی کوردی یان ...؟

وەک هەموومان ئاگادارین جەژن یەکێک لە گرنگترین ڕێگاکانە بۆ یەکتر ناسین و کۆکردنەوەی لاوان لەدەوری یەکتریدا.

ئەگەر جەژنەکانی چەند ساڵ لەمەوبەر و ئێستا لەگەڵ یەکدا بەراورد کەین، بێگومان جیاوازییەکی گەورەمان بەرچاو دەکەوێ. بۆچوون و بیروڕای هەریەک لە ئێمەش لەمەڕ ئەم ئاڵوگۆڕە جیاوازە. ئایا بە هۆی ئەمەوە، جەژنەکان بەرەو باشی چوون یان خراپی؟ ئەوەش با هەر یەک لە ئێمە بە بۆچوونی خۆی هەلیسەنگێنێ و بیروڕای خۆی دەربڕێت.



ئەو گیروگرفتانەی لە جەژنەکانی لاواندا دێنە کایەوە، جێی سەرسوڕمانێکی ئەوتۆێ نییە. چەرمەسەری ئەو ماوەیەی دوایی جەژنەکانی لاوان، مۆسیقا بووە. بێگومان ئەمە تاوانێکی گەورە نییە کە مۆسیقایەکی جگە لە موسیقای کوردی دابندرێت، بەڵام هەر کەسێ دێتە جەژنێکی کوردی، بۆ ئەوە دێت گوێ لە گۆرانی کوردی بگرێ و هەڵپەرکێی کوردی بکات و لە کولتووری گەلەکە نزیک بێتەوە. نەک گوێ لە مۆسیقای بێکانە بگرێ کە ڕۆژتائێوارە لە M.T.V گوێمان لێدەبێت.

دیارە بە بۆچوونی هەندێ کەس ئەم قسانە دواکەوتووانە و ناسیۆنالیستانەن. ئێمەش ئەو کەسانەمان لە لا زۆرزۆر "پێشکەوتوون". ئەم کەسانە دەتوانن کاتێک ئاهەنگ و جەژنی لە دایکبوون و شایی خۆیان گێڕا، مۆسیقای کوردی هەر دانەنێن.

لە ژمارەی «٥»ی دیداردا، هاورێیەک نووسیویەتی کە لە زەوقی هەندێ لاوا دراوە بەمەکە بەر هەڵستی مۆسیقای بێگانە کراوە و هەستی نەتەوایەتی تێکەڵ کراوە. بەڵام ئەم هاورێیە هیچ بیر لەمە ناکاتەوە کە ئەو لاوانەی چەند ساڵ لەمەوبەر دەهاتنە جەژنە کوردییەکان، ئێستا پاشەکشەیان کردووە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە جەژنەکان لە ڕادەبەدەر "پێشکەوتوون". هەندێ لەوانەی دێنە جەژنی لاوان ـ بە تایبەتی کچەکان ـ ناتوانن بچنە جەژنێکی جگە لە جەژنی کوردی. ئەمەش بۆتە کۆسپێک لەبەر ڕێگای ئەم کەسانەدا. زۆربەی دایک و باوکەکان پێیان خۆش نییە منداڵەکانیان بچنە جەژنی کوردی بۆ ئەوەی فێر بن چۆن سەمای فارسی بکەن، ئەوان منداڵەکانیان بۆ ئەوە دەنێرن کە هەست بە کوردایەتی بکەن و بە کوردایەتی خۆیان سەربەرز بن و بیریان نەچێتەوە کێن!

داخوا ئەو لاوانەی ناتوانن بچنە جەژنێکی جگە لە جەژنی کوردی، مافیان پترە یاخود ئەوانەی دەچنە هەموو جەژنێک؟

هەمان هاورێ دەنووسێت: کەسێکی کرماشان یاخود سنەیی زیاتر لە سەردەشتییەک چێژ لە مۆسیقای فارسی وەردەگرێ. ئەوە چ پێوەندی بەوە نییە کە لە کوێوە هاتووی، پێوەندی بەمەوە هەیە کە چۆن هەندێ کەس دەیانەوێ خۆیان دەربخەن و بڵێین ئێمە "پێشکەوتووین".

کە دەگووترێ جەژنی لاوانی کورد، یانی مۆسیقا و هەڵپەرکێی کوردی. بەڵام هەر کاتێک جەژنێکی نێونەتەوەیی هەبوو، لەو کاتەدا هیچ کەسێک ناتوانێ بڵێ تەنیا گۆرانی کوردیمان دەوێ.

لە کوردستان لە ژێر ستەمی تورک و فارس و عەرەباندا دەژیاین و بۆ ئەوەی کولتووری خۆمان لە یاد بکەین، فەرهەنگی ئەوانمان بەسەردا سەپێنرابوو، بەڵام لێرەدا خۆمان کۆسپیێ ڕێگەی خۆمانین.

کۆمیتەی کارگێری لاوان لە ئوپسالا
١٩٩٣/٤/٢٢



www.arsivakurd.org



# خۆشەویستی قوتابخانەیە!

کچ: لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا دەستپێشخەری کچێک لە دەربڕینی هەستی دەروونی خۆی بەرانبەر کورێک، دەبێتە هۆی بەسووک گرتنی کچە لە لایەن کوڕەکەوە.

کوڕ: خۆشەویستی لای من هەستێکی زۆر بەرزە کە وشە توانای دەربڕینی نییە، بەڵام بە داخەوە بە هۆی نەبوونی دەرفەت بۆ دروستکردنی ئەو هەستە لە گەڵ کچانی کورددا، زۆر ئاساییە ئەگەر کچێکی بێگانە ببێتە هاوسەری داهاتووی ژیانم.

کچ: کوڕی کورد نازانێ چۆن هەڵسوکەوتی لە گەڵدا بکەی. ئەگەر پێی بڵێی کە دەتەوێ لە گەڵیا پێوەندیت هەبێ بۆ ئەوەی باشتری بناسی، ئەوا دەڵێ ئەوە خۆی لێ گۆڕاوە و لێمان بۆتە سویدی. خۆ ناشکرێ هەر دوای چوار پێنج ڕۆژان شوی پێ بکەی بۆ ئەوەی ماڵەکەی بۆ بەڕێوە بەری و چێشتی بۆ لێنێیت.

کوڕ: خۆشەویستی قوتابخانەیە ... مخابن. کەم قوتابی توانای تێگەیشتنی وانەکانی و بەدەس هێنانی پلەی بەرزی تێیدا هەیە.

کچ: چوار ساڵە لێرە دەژیم و پێموایە خێزانەکان خۆیان هۆی زۆربەی گیروگرفتەکانن. ئێرە کۆمەڵگایەکی کراوە و جودایە لە گەڵ وڵاتدا، پێویستە دایک و باوکەکان ئەم خاڵە لە یاد نەکەن. ئەوەش بزانن کە کچ یان کوڕی کورد پێویستە دەرفەتی زیاتریان بۆ یەکتر ناسین و دەست نیشانکردنی هاوسەری دوارۆژیان هەبێت.

کوڕ: کچی کورد هەر سەیری بکەی یان بڵێیت مەرحەبا، بە هەزار شێوەی دیکە لێکی دەداتەوە و وادەزانێ کوڕە ئاشقی بووە.

کچ: کوڕی کورد بەر لە زەماوەند هەموویان فەرهاد و یوسفێکی تەواون، بەڵام هەر کە شەش مانگ بەسەر ژینی هاوبەشیاندا تێپەر بوو، وا لە جنێو و کەڵەگایەتی بەولاوە هیچ یان لە بیرنامێنێت.

کوڕ: گرفتی ئێمە تەنها یەکتر ناسین نییە، گرفتی هەر گەورە دواکەوتووی هەر دوو لامانە. کوڕەکان لە خوشەویستیدا تەنیا بیر لە دەست بەسەرداگرتندا دەکەنەوە.

خۆشەویستی، کاڵا نییە کە مرۆ ببێتە خاوەنی، دڵداری هەستە و بەش دەکرێ بە بێ ئەوەی لە بەشی خۆت شتێ کەم بێتەوە.

کچ: من ئێستا باوەڕم بە خۆشەویستی زەمانی قەدیم نییە و پێم وایە ئەو جۆرە تێڕوانینانەش لە خەون و خەیاڵێک بەولاوە شتێکی تر نین. خۆشەویستی بە رای من بریتییە لە تێگەیشتنی یەکتری و ڕێز لێکترنان و هەندێ خاسڵەت و تایبەتمەندی ئەخلاقی و زەوقی هاوبەش. من ئێستا بۆ یەکتر مردن و، خۆکوشتن بە خاتری یەکترم، زۆرتر پێ کارێکی شێتانەیە تا ... .

www.arsivakurdi.org

# دیدار و ڕەنگی وەنەوشەیی خەونەکانم

هەڵۆ بێکەس

لە مێژە خولیامە بە سەروسیمای ژوانگەی "دیدار" شادبم و ماندوویی و ژواری خەونەکانم لە ژێر پاپەلی گەلاّ و سەرکەبەزی ئەم گۆڤارەدا بحەوێنمەوە. ئەز تەنها هەر دوو «دەنکە ترێ ڕەشکە» شکە دەبەم کە پێشکەشی نووسەر و خورت و خەمخۆرانی ئەم گۆڤارە خۆشەویستە بکەم و دواتریش وام تەمایە لە پریاسکەی دەروونمەوە چەند سەرنجێک بخەمە ناو ئەڵبۆمی یادگار و حەسرەتی "دیدار"تانەوە.

بە شانازییەوە دەڵێم دەمێ وەختە چاوەکانم بۆتە ئاوبازی کانی ڕوونی دڵی دیدار و هەرگیز دژپەسند نەبووم لە وەچنگ خستنی ئەم گۆڤارەدا، بەڵکو " ئاوی تینوو" بووم بۆی و ئاواتەخواز بووم کە "دیدار" خاوەنی دەنگ و ڕەنگی خۆی بێ و، دوور بێ لە لاسایی کردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە بیانییەکان. دوور بێ لە مەیدانی ململانێ و بەربەرەکانی نێوان "کیژان و کوڕان"! هیوام بووە ئاوات و هێڤی و خەونەکانی جحێلاّن لە بیر نەکات.

پێم خۆشە ئاماژە بۆ گۆشەی "پێوەندی" ئەم گۆڤارە بکەم کە زیاتر وەک گۆشەیەکی کرچ و کاڵ و نەگەییوو دێتە پێش چاوم، بە هەست و نەستم نامۆیە. کە لە خوێندنەوەی ئەم گۆشەیە بوومەوە. وام هەست دەکرد لە لوتکەی شاخی گۆڤارێکی سویدییەوە دابڕاوە و بە زۆر ڕاپێچی لای شەوەزەنگی بناری شاخی گۆڤاری دیدار کراوە.

بە خۆشییەوە پێشنیاز دەکەم ئەو بابەتانەی بۆی دەنووسرێن و تێیدا بڵاودەکرێنەوە، پێویستە زیاتر "داهێنەری بیرێکی نوێخوازی" کوردی بن و دوور بن لە هی لاوەکی. ئامۆژگارییەکان، ئامۆژگاری لەیەکتر نزیک بوونەوە و بەتەنگەوە هاتنی یەکتری و بەرەو پێش بردنی زمانی و فەرهەنگی کوردی لە ئامێز گرتبێت.

* جێگەی خۆیەتی ئاماژەش بۆ ئەوە بکەم و بڵێم: ئەم پێشنیارانە بە زۆربەی مانشێت و ناوئاخنی گۆڤارەکەوە دیارە، بەڵام گرنگی دان بەم لایەنە گەشانە زیاتر مەودای ئاسۆی فڕینی گۆڤارەکە بەرینتر و بەرفراوانتر دەکات. من پێم وایە کەمتر گرنگی دان و بەسەرکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە بیر و هۆش و نیازی لاوانی کورد ناکەنە هەواری زانست.

من پێم وایە "ناسینەوەی کازانۆڤایەک" سوودبەخشتر و گرینگتر نییە لە کۆشش و خۆتاقیکردنەوە بۆ بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خەبات کردن بۆ ئەزموونێکی دەوڵەمەندتر لە بواری زانستدا.

هەر بۆیە ئێمە بە تەنها نابێ ئاوی ئەم نەمامە مێردمنداڵەکانی زەوی و زاری "دیدار" بدەین و پیرەدارەکانیشی لە تینووانا بخنکێنین.

مەرج نییە "دیدار" هەر بە دیداری لاوان شاد بێت و ئەو نووسین و نیگارانەی تێیدا بڵاو دەکرێتەوە، تەنها بیر و هەست و هەستاری لاوان بکاتە کەژاوەی خۆی. شاکارەکانی "ئەسترید لیندگرێن"ی نووسەری گەورەی گیتی منداڵان بە تەنها هەر نۆقڵی ترش و شیرن نین بۆ زارۆکان، بەڵکو گەورە ساڵانیش هەر بە هەمان هەست و سۆزەوە ئەروانننە بەرهەمەکانی و دەستی ڕێزی بۆ بە سنگەوە دەگرن.

جارێکی دی پڕ بەدڵ و دەروون، هیوا و ئاواتمە کە بیری "دیدار" تەنها هەر تاقە کلیلێکی نەبێ و تێڕوانینی بۆ ژیان هەر لە یەک لاواچەوە نەبێت.

سەرکەوتنی هەموو کەس لە پشتیوانی و داکوکی کردنە لە ڕاستی و هەقبێژیدا. دەبا تۆوی"بیر" لە کێڵگە بەپیتەکەی "دیدار"دا نەبڕین و بە بارانی خەیاڵی خۆمان بیکەینە: دەربەندی خۆشەویستی و ئەوینداری. بیکەینە زەریای ڕوونی دڵداری.

www.arsivakurd.org

بۆ ژیانێکی باشتر پێویستیمان به زانستی پتر هەیه! ئەمه سەرباسی نووسینی برادەرێکه به ناوی "شاهۆ" که له دیداری ژماره «٥»دا بڵاو کراوەتەوە. ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگره و بۆیەش پێم خۆش بوو له پێشەکی ئەم کورته نووسینەمدا ئەو دروشمه دووباره بنووسمەوە. به دوای ئەمەشدا تیشک بخەمه سەر وتارەکەی کاک "شەماڵ" که له ژێر ناوی «لاوان و گرفتێکی شاراوه» له هەمان ژمارەدا بڵاو کرابۆوە.

دیاره ئێمەش وەک هەموو لاوانی نەتەوەکانی دیکه بێ گرفت نین، بەڵام ئێمەی کورد، له هەمووان بارمان گرانتر و دەردمان زیاتره. دیاره هەموو کۆمەڵگایەک تووشی کێشه دێت و هەوڵی چارەسەرکردنی به شێوەیەکی لێزانانه دەدا، لێرەدا مەبەستم گرفتێکه که کاک "شەماڵ" به سێکس ناوی هێناوە. من بەش به حاڵی خۆم زۆرم پێخۆش دەبوو ئەگەر ڕۆژێ له ڕۆژان "سێکس" وەک زانیارییەک شتی لەسەر بنووسرایه یاخود بخرابایه بەر چاو و، گفتگۆی لەسەر بکردرابایه، بۆ ئەوەی ئێمەی لاویش به زمانی زگماکیی خۆمان زیاتر و باشتر لەم زانیارییانه و لەم هەسته تێبگەیشتباین .هەروەک به زمانەکانی دیکەی دنیا ئەم کاره کراوه.

من وەک لاوێک و پێم وایه زۆربەی لاوەکانی تریش وەک من و، به پێچەوانەی "شەماڵ"ەوە، سێکس به بەشێک له ژیانی سروشتییان دەزانن و هیچ دیوارێک له نێوان مرۆڤ و ئەودا نابینن. بەڵام ئێمەی لاوی کورد بۆ ئەوەی هەڵنەخلیسکێن و نەکەوینه ئەم بۆگەناوه هەڵوێست وەردەگرین و به گژ بەرەڵڵایی و سوکایەتی کردن به مرۆڤدا و پاشانیش ئەم تێخه و لێخەیەدا دەچینەوە، که ناویان لێناوه چارەسەر کردنی لاوان یان "سێکس".

ئەوەی کاک شەماڵ له نووسینەکەیدا گەرەک و ئاواتەخوازییەتی، ئەمەیه که ئێمه کۆپی ئەوروپا بین و ڕێچکەی دانس و دیسکۆ بگرین و واز له هەموو قودسییەتی خۆمان بێنین، کولتوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و پاشانیش شیرازەی خێزان له دەست بدەین و وەک گووتویانه بۆ ڕیش بچین و سمێڵیشی بخەینه بان! ئێمه نامانەوێ سێکس وەک کاڵا یان شمەکێک بکڕین و ببینین و، پاش تێر بوون لێ وەڕەس بین و فڕێی بدەین. ئێمەی لاو واباشه له نێوانماندا خۆشەویستی

# لاوان و خواستی ئێمه

وێنه: بێستون عەبدوڵڵا



ڕۆحی هەبێ و به ڕاستی دڵخواز و دڵداری یەکتر بین و یەکترمان خۆش بوێت.

کاک شەماڵ له نووسینەکەیدا دەڵێ ئێره کوردستان نییه. ئەمه ڕاسته بەڵام ئێمه به خواستی خۆمان ڕێگەی هەندەرانمان نەگرتۆته بەر. ئێمه له دەست ستەم یان به عەرەب، تورک و فارس کردن بووینەته پەنابەر.

ئێنجا لێره ئەگەر کورد نەبین، ئەی خۆمان به چی بزانین؟ هەروەها ئەگەر تەماشای ئەو وێنانه بکەین که له گەڵ باسەکەدا بڵاوکراونەتەوە، دەبینین نەک بۆ ئەوە دەست نادەن که کێشەی لاو چارەسەر بکەن، یان تەعبیر لەم کێشەیەش بکات، بەڵکو دەزانین هەستی لاو بۆ کوێ دەوروژێنێ. ئەم وێنانه ژن دەکات به کاڵا و به پیاوی دەفرۆشێ. که ئەمەش لەگەڵ هیچ داب و دەستوورێکی درووستدا ناگونجێ.

دواجار با هەموو پێکەوە بڵێین چارەسەر کردنی هەڵه و نادرووست نەک هەر کێشەکه چارەسەر ناکات، بەڵکو ئاڵۆزتر و زیاتری دەکات. دەبا ئەم باسه بۆ ئەو کەسانه بێ که شارەزاییەکی تەواویان له زانستی دەروونی مرۆڤدا هەیه و ئاگاداری قۆناخەکانی گۆڕانی ژیانی مرۆڤن.

بەختیاری ڕەحیمی

ستۆکهۆڵم

www.arsivakurdi.org

# نەخۆشییە دڕمییە زایەندییەکان (٤)

ئامادەکردنی: د. زاهیر سوران

## تامیسک(Herpes)

لە سویددا ئەم نەخۆشییە بڵاوە ... هۆی نەخۆشییەکە: ڤایرۆسە.

ئەم نەخۆشییە سێ جۆری هەیە:

یەکەم جۆر، تێمیسکی لێو (Herpes simplex )

دووەم جۆر، تێمیسکی ئەندامی زازێ (Herpes genitalis)

سێیەم جۆر، تێمیسکی زۆستەر (Herpes Zoster)

تێمیسکی لێو: بە زۆری لە لالفاوەدا دردەکەوێت لە بەر ئەوەی بەردەوام تەڕە، درەنگ چاک دەبێتەوە، برینەکەش بە ئازارە.

نیشانەکانی تێمیسکی ئەندامی زازێ: هەفتەیەک پاش تووشبوون، گلاندەکان هەڵدەئاوسێن و سوور دەبنەوە، دەخورێن و بە ئازارن. لە سەر دەورووبەری ئەندامی زاوزێدا بلق پەیدا دەبێ کە پاشان دەتەقێن و مرۆڤ هەست بە ئازار و کزانەوەی شوێنەکە دەکات. هەندێ جار ئەم نەخۆشییە لە خۆیەوە چاک دەبێتەوە.

مەترسییەکانی تێمیسک: بە گشتی ڤایرۆسەکان لەنێو ناچێت. لە وانەیە نەخۆش هیچ نیشانەیەکی تێدا دەرنەکەوێت. گەر ژنی سکپڕ تووشبووبێت، دەبێت ئاوەڵەمەکە بە ڕێگای نەشتەرگەرییەوە دەربهێنرێت، چونکە ڕەنگە لە کاتی زانیدا، بڵقەکان بتەقێن و منداڵ تووشی ڤایرۆسەکە بێت. (بە تایبەتی ئەگەر بڵقەکان لە سەر دیواری ناوەوەی ئەندامی زاوزێی ژندا بێت.)

چارەسەرکردنی نەخۆشییەکە: هیچ دەرمانێک نییە چارەی ئەم نەخۆشییە بکات. بەڵام تاکە دەرمانێک کە ئازار و بڵقەکان دابمرکێنێتەوە:«Zovirax»ە. ئەم دەرمانە کاتێک بە کار دەهێنرێ کە تووشبوو هەست بە خوراندن و سوربوونەوەی شوێنەکە دەکات تا دەرکەوتنی بڵقەکان. پاش گووم بوونیان بەکار ناهێنرێ.

دریژەی هەیە.




---

# دیـــــاری

دیاری ناوی کتێبێکی شێعرە بۆ منداڵان کە لە لایەن کاک "سەعید کاوە"وە دەرچووە. ئەم کتێبە لە پاڵ هەر شێعرە، وێنەیەکیشی تێدایە و کتێبەکە ٥٠ لاپەڕەیە.

نمونەیەک لە شێعرەکان

## دایک

دایکی خوشەویستی خۆم
بە دڵ ئەویـــنداری تـــۆم
بە هەموو مێشک و هەســتم
بە دیــدەم دەتپـــەرەســـتم
ڕەنجت لە ســەر کێـــشاوم
مایـەت زۆر بــۆ دانـــاوم
تۆڵـەم بــۆ ناکرێـــتەوە
ئـەرکـم پـێ نادرێتـــەوە
بێ ئیرادەم لە حاســت تـۆ



# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نووسەر و ئەدیبی کورد:

# « فەرهاد شاکەلی »

بەختیار عەبدولڕەحمان - کاترینەهۆڵم

ڕۆژی شەممۆ(١٩٩٢/١١/٧)، کۆمەڵەی لاوانی کورد لە کاترینەهۆڵم، سیمینارێکی لە ژێر ناونیشانی " کورتە باسێک دەربارەی مێژووی ئەدەبی کوردی" بۆ مامۆستای زمانی کوردی، کاک فەرهاد شاکەلی سازکرد.

** تکایە خۆتان بە خوێنەرانی دیدار بناسێنن؟*

- ناوم "فەرهاد شاکەلی"یە؛ لە ساڵی ١٩٥١ لە شاری کەرکوکدا هاتوومە دنیا. دەرچووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدادم و ماوەی دوو ساڵان وەکو ڕۆژنامەنووس کارم کردووە. لە ساڵی ١٩٧٨ەوە لە سوید نیشتەجێ بووم و، ئێستاش لە زانستگای ئوپسالادا دەخوێنم و خەریکی لێکۆڵینەوەم لە زمان و ئەدەبی کوردیدا و لەم بەشەدا وانەی زمانی کوردی دەڵێمەوە. لە ڕووی ئەدەبیەوە زیاتر شێعر دەنووسم و کاری ئەدەبی دەکەم.

** کاروچالاکییەکانی لاوانی کورد لە سوید دا چۆن دەبینن؟*

- پێموایە ئێستا پتر لە جاران هەست بە چالاکیەکانی لاوانی کورد دەکرێ و ئەوەش مایەی دڵخۆشییە.
بەپێی ئەزمونی خۆم لام وایە بۆ سویدییەک، خوێندنەوەی شێعرێک، نیشاندانی تابلۆیەک یان گوێگرتن لە مۆسیقایەکی کوردی لە باسکردنی ڕووداوێکی سیاسی کاریگەرترە. چونکە سوییدییەک دەتوانێ لەمەڕ ڕووداوە سیاسییەکەدا بێ لایەن بێ، بەڵام لەمەڕ شتە فەرهەنگییەکەدا ناتوانێ بێ لایەن بوەستێ.

** ڕێنوێنیتان بۆ لاوانی کورد لە سوید چییە و پێتان وایە لە چ ڕێگایەکەوە دەتوانن فەرهەنگی کوردی بە بێگانە بناسێنن؟*

- لاوای کورد لێرە هەلێکی لەباریان بۆ خۆپێگەیاندن بۆ ڕەخساوە، بە تایبەتی لە پلە جیاجیاکانی خوێندندا. بۆیەش لاوان دەبێ لەم هەلە بۆ ناساندنی فەرهەنگی کوردی بە بێگانە و بەپێچەوانەوەش، کەڵک وەرگرن.
لە بواری کاری هاوبەش و گشتیدا، سازکردنی سیمینار و ئاهەنگی کوردی و، لە بواری تاکە کەسیشدا، وەرگێرانی کارە ئەدبییەکان لە کوردییەوە بۆ سویدی و بەپێچەوانەوە، ڕێگایەکی لە بارە بۆ ناساندنی فەرهەنگی کوردی بە بێگانە(بە تایبەت کە ئەدەبی کوردی لە بواری وەرگێراندا زۆر هەژارە).

** ئایا پێتان وایە بوونی ڕێکخراوێکی سەربەخۆی لاوانی کورد بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری خۆیان، پێویستە ؟*

- ئەرێ، پێم وایە پێویستە. چونکە شێوەی بیرکردنەوە و



فەرهەنگ و تەنگ و چەڵەمە و ویستی لاوان لە گەڵ گەورەکاندا جیاوازە. هەر بۆیەش ئەوان پێویستیان بەم سەکۆ بەرفراوانە هەیە.
لاوان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا تێکەڵاوێکی پتریان لە گەڵ کۆمەڵگای سویدا هەیە و بۆیەش، خاڵێکی گرینگە کە وێڕای ئەم تێکەڵاوییە بتوانن پێناسەی نەتەوایەتی خۆیان بپارێزن.

** ڕاتان بەرانبەر بە "دیدار" چییە؟*

- لە ڕاستیدا من دوو ژمارەی دیدارم خوێندۆتەوە و دەتوانم بڵێم کە گۆڤارێکە جێی دڵخۆشییە، بە تایبەتی لە ڕووی تەکنیکەوە زۆر لە پێشەوەیە و ناوەرۆکیشی لە ژمارەی دووەدا باشترە لە ژمارەی یەک. بۆیە هیواردارم ناوەرۆکی گۆڤارەکە باشتر بکرێت و بگاتە ئاستە تەکنیکییەکەی.

** "دیدار" بەشێکی تایبەتی بۆ گفتگۆی ئازاد و بیروڕای سەربەستی کچ و کوڕی کوردلە سەر یەکتری تەرخان کردووە، ئەم جۆرە گفتگۆ و بۆچوونانەت پێ چونە؟*

- ئەمە هەنگاوێکی زۆر باشە. لە هەندەران لە پاڵ ئەوەی زمانەوانی و باری کۆمەڵایەتی و ئازادی و سەربەخۆیی تەواو هەیە، لەم باوەڕەدام ئەگەر ئەم جۆرە گفتگۆ و بیروڕایانە بە کوردیش بڵاو نەکرێنەوە، ئەوا لاوان بە زمانێکی تر دەیانخوێننەوە و فێری دەبن و هیچ دایک و باوکێکیش ناتوانێ ڕێگەی ئەم جۆرە خوێندنەوانە بگرێ. جا هەر بۆیە زۆر باشترە بە کوردی لە نێوان لاوانی کورد خۆیاندا بکرێت و پاشانیش دەبێتە مایەی باشتر بوون و پێشکەوتن و دەوڵەمەندبوونی زمانی کوردی لەم بوارەی ژیاندا. دەوڵەمەندتر بوونی زمانی کوردیش بێگومان دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی کوردییە.

www.arsivakurdi.org

# دنیایەکی نوێ بدۆزینەوە!

نووسینی: شەماڵ

ئاستی خوێندەواری لە وڵاتی ئێمەدا، بە هۆی دواکەوتووی و بێدەرەتانی کۆمەڵانی خەڵک زۆر نزمە. دەکرێ بڵێین پتر لە ٧٠٪ خەڵکانی ئێمە نەخوێندەوارن. بەڵام ئەگەر بمانەوێ دیاردەیەکی دیکە بدەینە بەر چاو، واتە رادەی خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و بابەتی تر، ئەوسا دەبێ پتر لە ٩٠٪ خەڵک لەم ریزە دابنێین.

زانست و بوارە جۆراوجۆرەکانی زانست و ئەدەب و هونەر رۆژبەرۆژ لە پەرەگرتن و قووڵ بوونەوەیەکی بێ وێنە دان. ئەگەر سێ سەد ساڵ لەمەوبەر کەسێکی ژیر و بە توانست دەیتوانی ببێتە (علامە دهر) و بە سەر زۆربەی زانستەکاندا زاڵ بێ، ئێمرۆ زاڵبوون بەسەر یەک زانستیشدا شتێکی یەکجار زەحمەت و مەحاڵە. چونکە سەیرێکی هەر بەشێکی زانست بکەین، دەبینین دەیان و سەدان لکی لێبۆتەوە و تەنیا فێربوونی تەواوی، یەکێک لەم لکانەش، دەیان ساڵی پێویستە!

لە لایەکی تر ئەم مەسەلەیە بۆتە هۆی تەسک بوونەوەی ئاستی دیتن و دەربیجەی روانینی خەڵک بە دنیا. بۆ وێنە دەکرێ کەسێک لە بەشێ کەمپیوتەردا ببێتە مامۆستایەکی بێوێنە، بەڵام هەر ئەم کەسە دەتوانێ، لە بواری کۆمەڵایەتیدا کەسێکی گێل و وێل بێ. چونکە بەشێکی زۆری ئەم بەشانە پێوەندی راستەوخۆ و زیندوویان بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە. کەوایە بەم وەزعەوە چۆن دەکرێ مرۆڤ تا رادەیەکی ئاگاداری دنیای ئێمرۆ بێ و بە چاوێکی بەرفراوانترەوە بڕوانێتە دنیاوە؟

تەنیا وڵام ئەمەیە: بخوێننەوە ... بخوێنەوە ... بخوێننەوە ...

بەڵام ئەوسا ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدا چ بخوێنینەوە؟

وڵامدانەوە بەم پرسیارە زۆر ئاسان نییە. چونکە هەر کەسەی چەشنە زەوقێکی هەیە. بەڵام سەرەرای زەوقە جیاوازەکان، هەر کەسەی لانی کەم دەبێ شتێک لە مەڕ دەروونناسی، کۆمەڵناسی، رەوتی دنیای ئەمرۆ، مانای ژیان و خۆشەویستی، مرۆڤناسی و ... بزانێ. بۆ زانینی ئەم شتانەش کتێب و بابەت زۆرە. بەڵام باشترین و بەفراوانترین شت بۆ ئەم مەبەستە(بە تایبەت ئەگەر مەبەست ئاگاداربوونێکی گشتی بێ) ، خوێندنەوەی رۆمانە.

با ئەمە بڵێین کە لای ئێمەی کورد، خوێندنەوەی رۆمان نەک هەر باو نییە، بەڵکو تەنانەت رۆشنبیرانیشمان بە دەگمەن دەست دەدەنە ئەم کتێبانە. بە تایبەتی هەلومەرجی کوردستان بە چەشنێ بوو، کە هەموو شتێ کەوتوتە ژێر تاوی سیاسەت و، ئەمەش لانی کەم لەم بەشەدا بە زەرەرمان بووە.

لێرە دەستراگەیشتن بە کتێب، لە خواردن ئاسانترە. هەر یەک لە ئێوە دەتوانن لە قوتابخانە، لە مامۆستاکانتان، یاخود لە کتێبخانەکان بپرسن و داوای هەندێ کتێب و رۆمانی بە سوود بکەن. بیخوێننەوە و بە تاقی کەنەوە. گرینگ تەنیا خوێندنەوە چەند کتێب نییە و بە خوێنەوەی چەند رۆمانێکیش مرۆڤ ئاڵوگۆرێکی زۆر سەیری بەسەردا نایە، گرینگ ئەوەیە ببنە برادەر و هاوڕێی زۆر نزیکی کتێب. خوێندنەوەی کتێب بە بەشی لە نیازی رۆژانەتان بزانن ... ئەوسا بۆتان دەردەکەوێ کتێب دەتوانێ چ سودێکی گەورەی هەبێ !

**بەتاقی کەنەوە!**

## دەنگی خوێنەران

نامە و بەرهەمەکانتان گەیشت، زۆرتان سوپاس دەکەین و هیواداریین لە هاوکاریتاندا بەردەوام بن.

تەنیا پێمان خۆش بوو ئەوە بزانن کە بە هۆی کەمی لاپەڕەکانی دیدار، بەراستی نازانین چۆن وڵامی ئەم هەمووە نامانە بدەینەوە. بۆیەش بە لەبەرچاو گرتنی زۆر لایەن، تەنیا بەشێکی زۆر کەم دەتوانین بۆ هەر ژمارەیە هەڵبژێرین. بمانبوورن.

پێشرەو.م لە هوڵەندەوە.

ڤیان - باکووری سوید

لوقمان - کۆپنهاگ

کاروان - سوندسڤاڵ

ب. بیستون - نی برو

سوزان - ستۆکهۆڵم

هاوڕێ شێخانی - هەولێر

شارۆ - سوید

ئاکۆ نەجمەدین - کاترینەهۆڵم

ئەمجەد عەبدولرەحمان - لینشۆپینگ

کاک رەشید ئەحمەدی - یەڤلە

غەریبە سالح - ئەلبۆری، دانیمارک

ئیڤا - ستۆکهۆڵم

دۆستی موحەمەد - ستۆکهۆڵم

جەلال قەرەداغی - نۆرشۆپینگ

نەوزاد - دانیمارک

لەیلا حوسێن - هێلسینکی. نوروێج

زیلان - ئوپسالا

فاروق ئیسماعیل - ؟

ئازاد شوانی - هوڵەند

تەحسین ئاشگەیی - ستۆکهۆڵم

پولا موحەمەد کوردی - ئاڤینا، یونان

ئومێد حوسێن - ئیسکلیستونا

شاخەوان مەولود - یوسداڵ

ک. مەحمود - پاکیستان

سەید لەتیف حوسینی - نی برو

میران قادر - یۆتۆبۆری

سەرگوڵ - سلێمانی

فەرەح کرمانجی - ئۆرێبرۆ

ئارام نەجمەدین - ڤێستروس

www.arsivakurdi.org

به بۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە:

# خەونی منداڵان و دنیایەکی دڵڕەق

نامەیەکم لە خاڵمەوە پێگەیشت؛ نووسیبوی کاوەی کوڕی بە سورێژە مرد!
پاریش ڕۆژنامەکان نووسییان: نزیک بە سەد هەزار منداڵی کورد لە کۆچە بەکۆمەڵەکەی بەهاری ۱۹۹۲دا، بە هۆی برسییەتی و سەرما گیانیان دا. چەند مانگ پاشانیش، ڕادیۆکان گووتیان: لە سومالی قڕی و قاتی سەدان هەزار منداڵی کوشت. دوایی سیلاو هات ... بۆسنیەن هات ... شەڕ هات ... بێکاری ... برسییەتی ... سەرما ... نەخۆشی ... ئێستاش ئەوە هەر دێ و دێ ...!
ئێستا ڕۆژنامەکان وەڕەز بوون و چیتر نانووسن. ئەگینا ئێستاش هەموو ڕۆژێ هەزاران منداڵی کورد، چینی، ئەمریکی و ئەفریقی و ... دەمرن. بەڵام ڕۆژنامەکان دەنووسن: ئێمە لە مەرگ منداڵانماندا بەرپرسین! بەرپرسانی میری و دەسەڵاتدارتنی دنیا دەڵێن و دەڵێن: منداڵان نەوەی دوارۆژن، دەبێ لەبەرانبەریاندا هەست بە لێپرسراوی بکەین!

لە وڵاتانی دەوڵەمەندا، منداڵ نامرێ، بە ساخی لە دایک دەبێ، زۆربەیان بە باشی بەخێو دەکرێن و زۆربەشیان لە منداڵی ئێمە بەخۆوەتر، جوانتر و ساغتریشن. لەوێدا دنیا گۆشەیەک لە بەرپرسیایەتی خۆی دەردەخات.
لەمبەرە، لە کوردستان و کوردستانەکاندا، لە هیند و سومالیا و تایلەند و خوارووی ئەفریقادا، دنیا هۆشی لە منداڵەکان نییە. دنیا نەک منداڵ، کە گەورەکانیشی لە بیر کردووە.
ئەمساڵیش ڕۆژی یەکی یونی، ڕۆژی جیهانی منداڵانە، بەڵام هێشتا زۆربەی زۆری منداڵان نازانن کە لە دنیا و لە ساڵدا، ڕۆژێکیان هەیە، باوەڕ ناکەن کەسێک ئەوانی لە بیر بێ و ڕۆژێکی بەناوی ئەوانەوە کردبێ. هێشتا برسییانە، توونین، سەرمایانە، جلیان نییە، بۆیان نییە بخوێنن. بەڵام سەرەرای هەمووی ئەمانەش، دنیای منداڵان هێشتا هەر ناسک و جوان و پڕ لە ئەڤین و خۆشەویستی، پڕ لە ئاشتی و یەکسانییە!
دنیا منداڵانی لە بیر کردووە، بەڵام منداڵان لە ناو خەون و خەیاڵ و ڕامان و بزەکانیاندا، دنیایەکی نوێ و پڕ لە داد و خەندە و خۆشی دەخوڵقێنن!



وێنە: تەیب

وێنەی بەرگ: مەسعود مینویی / وێنەی ناو بەرگ: MARK PETERS


# دیـــدار

ژمارە ٦ - یولی (پووشپەڕی) ۱۹۹۳
یەکێتی لاوانی کورد - سوید

**Ansvarigutgivare:**
Shaho Khizri

خاوەن ئیمتیاز: شاهۆ.خ.
بەرپرسی بەشی سۆرانی: شەماڵ
دەستەی هاوکارانی ئەم ژمارەیە:
نەشمیل. ئا ـ هەڵو. ب ـ ڕوناک. م ـ دارا. ب ـ ئاکۆ. ن ـ موژدە ـ تارا. م ـ ئەڤین. ب ـ دانا. ر.

"دیدار" شوێنێکە بۆ ڕەنگدانەوە و بڵاو کردنەوەی بیرو ڕای لاوان. ئەم گۆڤارە لە لایەن یەکێتی لاوانەوە شەش ژمارەی لەساڵدا لێدەردەچێ.

نرخی ئابوونەی ساڵانەی دیدار بەمجۆرەیە:

| | |
|---|---|
| بۆ لاوان | ۱۲. کرۆن |
| بۆ گەوران | ۱۸. کرۆن |
| بۆ دام و دەزگای دەوڵەتی | ۲.. کرۆن |
| بۆ وڵاتانی تر | ۲.. کرۆن |



DIDAR
Box 490 82
100 28 STOCKHOLM
SWEDEN

Tel: 08 / 652 85 85
Fax : 08 / 650 21 20
Postgiro: 644 78 00 –1



ISSN : 1102 – 9005


www.arsivakurd.org

# پیرۆز بێ رۆژی جیهانی مندالان



www.arsivakurdi.org


6
1993
Masoud Minoui
20/9/93